**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هێڵکاری وێنەیی لە دیدی قوتابخانەی "Cognitive Linguistic"

**پ. ی. د. نەوزاد ئەنوەر عومەر**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عیراق

nawzad.anwer@Koyauniversity.org

**شنۆ عەوڵا حەمەدئەمین**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەقەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین، رانیە، هەرێمی کوردستان، عیراق

shnoaula@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٢٤

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٥

بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٣

**وشە سەرەکیەکان**

Cognitive Science
Cognitive Linguistics, Levels, Cognitive, Image Schema

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.3.7

**پوختە**

یەکێک لە قوتابخانە نوێباوەکانی ئێستا قوتابخانەی زانستی زمانەوانی زانینییە "cognitive linguistics" ، قوتابخانەیەکی فرە ڕەهەندی زانستی و درککردن و کۆمەڵایەتییە، پشتبەستو بە ئەزمونە جەستەییەکانی مرۆڤ، تەواوی بوارە جیاوازەکانی زمان و زانستەکانی تر لە خۆ دەگرێت، یەکێکە لەو قوتابخانانەی گرنگی تەواو بە واتا دەدات، بنەمای سەرەکی کارکردنیان جەختکردنەوەیە لەسەر واتا، ئەوەی دەبینرێت لەم قواتبخانەیەدا لە گەیاندنی پەیامەکاندا چەند تیۆریەکی یەکتر تەواوکەرلە چێوەی قوتابخانەکەدا کاردەکەن، بەشێوەیەک هەندێکیان لەئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسن و هەندێکی تریان لە ئاستی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی و هەندێکی تریان لە ئاستی سیمانتیک و پراگماتیکن، قوتابانەکە گرنگی نادات بە جیاکردنەوەی هەر دوو ئاستی سیمانتیک و پراگماتیک سنورجیاکاری نێوانیان نییە. قوتابخانەکە زیاتر پشتبەستوە بە هەستەکانی مرۆڤ، وێنە کە خۆی بریتییە لە گەیاندنی واتا لە دیدی قوتابخانەی زانینیدا چەند جۆرێکی وینە دەستنیشانکراوە، جیاواز لە قوتابخانەکانی تر گرنگی پێدراوە سێ جۆر وێنە لێکۆڵینەوەی لێکراوە ئەوانیش بریتین لە: " هێڵکاری وێنەیی، وێنە ئاوەزەییەکان ، کۆدە وێنەییەکان" ئامانجی لێکۆڵینەوەکە زیاتر تیشکخستنە سەر هێڵکاری وێنەییە.

## پێشەکی

زانستی زانینی" cognitive science"، کە بناغە و ڕێگەخۆشەکەری زمانەوانی زانینییە، بە سەرەتا و دەسپێکی قوتابخانەی زمانەوانی زانینی دادەنرێت، ناونیشانی توێژینەوەکە بە ناوی " هێڵکاری وێنەیی 'Image schema' لە دیدی قوتابخانەی زمانەوانی زانینییەوە "cognitive linguistic" ناونیشانەکە چێوەیەکە بۆ توێژینەوەکە، و ناوەرۆکەکەی دیاری دەکات، ، سنوری توێژینەوەکە لە چێوەی زاری کرمانی خوارو ئەنجامدراوە نمونەکانی بەم زارە پراکتیزکراون ، ڕێبازی توێژینەوەکە لە چێوەی قوتابخانەی زانینی "cognitive linguistic" و تیۆرەکانی واتاسازی زانینی ئەنجامدراوە، توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت کە بریتین لە : بەشی یەکەم سەرەتای سەر هەڵدانی زانستی زانینی وەک بناغەیەک بۆ زمانەوانی زانینی و چەمک و زاراوەی زمانەوانی زانینی ئاستەکانی زمانەوانی زانینی،بەشی دوەم ، وینەلە دیدی قوتابخانەی زانینی و جۆرەکانی وێنە، هێڵکاری وێنەیی و جۆرەکانی هێڵکاری وێنەیی و تایبەتمەندییەکانی هێڵکاری وێنەیی، هێڵکاری وێنەیی و کۆدە وێنەییەکان لە کۆتایشدا ئەنجام و پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕو.


**بەشی یەکەم / زانستی زانینی وەک بناغەیەک بۆ زمانەوانی زانینی.**

### 1-1 / زانستی زانینی " cognitive science " چییە؟

بە بۆچونی زمانەوانانی زانینی، زانستی زانینی cognitive science بە بناغەی قوتابخانەی زمانەوانی زانینی cognitive linguistics دادەنرێت، یەکێکە لە لەو لایەنانەی کە زمانەوانی زانینی لەسەر بنیاتنراوە، سەرەتای سەرهەڵدانی زانستی زانینی بۆ ساڵی شەستەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە ، دەتوانرێت بەوە بناسرێت بریتییە لە قوتابخانەیەکی فرەڕەهەند و پسۆڕی جیاواز کە بریتین لە دەروونزانی، فەلسەفە، مرۆڤناسی، دەمارناسی تەمبەڵی، زیرەکی دەستکرد، زمانەوانی، ... هتد، زانستی زانینی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە نوێنەرە هزرییەکان و ژماردنەکان و لە گەڵ ئەو سیستەمە فیزیکیانەی کە پشتگیری ئەو پرۆسانە دەکەن، زانستی زانینی بریتییە لە تاقیکردنەوەی دەرونی مەعریفی بیرکردنەوە، بەڵام زۆر زیاتریش لەمە لەخۆ دەگرێت، لەڕاستیدا زانستی زانینیلێکۆڵینەوەی زانستیی نێوان مەودای مێشک و زیرەکی بیرۆکە و میتۆدەکانی دەروونناسی و زمانەوانی و فەلسەفە و زانستی کۆمپیوتەر و زیرەکی دەستکرد و زانستی دەمار لە خۆ دەگرێتە، ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەودای نێوان هەڵسوکەوتی مرۆڤ و زیرەکییە، لەگەڵ سەرنجدان لەسەر ئەوەی کە زانیاری چۆن هەستی پێ دەکرێت، پرۆسە دەکرێت و دەگۆڕدرێت. بوارەکە لە مرۆڤناسی و زیندەوەرزانی و زانستی کۆمپیوتەر و زمانەوانی و زانستی دەمار و فەلسەفە و کۆمەڵناسییەوە دەکێشێت بۆ فێربونی چۆنیەتی دیاری کردنی عەقڵ، " Martin and Rumelhart,1999:2" لە زانستی زانیندا تەواوی پسپۆڕیەجیاوازییەکان کار لە یەکتر دەکەن و سەرجەم پرۆسەکانی پەیوەست بە ئاوەزەی مرۆڤ بەڕێوە دەچن، لە قوتابخانەی زانینیدا تێگەیشتنی مرۆڤ بە خاڵی گرنگ و سەرەکی دادەنرێت، زانستی زانینی بە زانستی ئاوەز ناسێنراوە، " زانستی درکپێکردن دەشێت بە زانستی ئاوەز دابنرێت، پێی وایە مێشکی مرۆڤ لە بۆتەی پێڕێویکی ئاڵۆزدا دەبێت بە کۆگایەک بۆ هەڵگرتن و ڕێکخستن و دانەوەی زانیارییەکان" " نەبی2015: 6" مێشکی مرۆڤ لە چێوەی پەیڕەوەێکدا وەک کۆگا دادەنرێت بۆ تێداهەڵگرتن و ڕێکخستن و بەسیستەمکردن و دانەوەی زانیارییەکان ،زانستی زانینی خۆی بە دوولایەنەوە خەریک دەکات ئەویش هەر دوو لایەنی کردەی بیرکردنەوەو زمانە. لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا بەو تێڕوانین و زانینەی کە مرۆڤ سەبارەت بە جیهانی دەرەوە (مەبەست جیهانی دەوروبەری خۆیەتی) هەیبوو، پەیپێبردن و زانین و لایەنی دەرونی و گەشەی بیری مرۆڤ بیرۆکەیەکی نوێی بۆ مرۆڤ داهێنا ئەم بۆچونەش دەربارەی ئاوەزی مرۆڤە، لەو لێکۆڵینەوانەدا سەرچاوەی گرت، کە دەربارەی دەرونناسی کرابون.



هێڵکاری ژمارە (1) پێکهێنەرەکانی زانستی زانینی

## 2-1/ ناسینی چەمک و زاراوەی زمانەوانی زانین " cognitive linguistics "

زمـانەوانی زانیـن cognitive linguistics، کە کۆمەڵێـک تیـۆری خێزانی تـاراڕادەیەک لەیەکچو لە خۆدەگرێت، زاراوەی زانین لە زمانی کوردیدا ئەمانەشـــی بۆ بەکار هاتوە، (مەعریفی، درککردن) لە زمانی ئینگلیزیدا(cognitive) لە (cognition) هاتووە، کە بە مانای زانین دیێت، لە زمانی فارسیشـدا بەرانبەر ( cognitive) زاراوەی (شـــناختی)،بەکاردێت، لە زمانی عەرەبیشـــدا زاراوەی (مەعریفی، الادراک)ی بۆ بەکاردێت، زانینیش بە واتای " مەعریفە وەکو پرۆســە، پێویســتی بە لەســەر وەســتان هەیە. زانین بە ڕێگەی پرۆســـەیەکی تاکە کەســـییەوە دێتەبەرهەم کە تیایدا دو توخم دەور دەبینن، ئەمانیش مرۆڤ و دەوروبەرەکەیەتی" ' میران، 2017: 41'، هەندێکجار زاراوەیەک زیاد لە واتایەک لە خۆی بـار دەکـات، ئەمەش پەیوەنـدی بە بەکـارهێنەرانیی زاراوەکەوە هەیە، کە زۆرجـار نـاگەنە ڕێککەوتن لەسەر ناونانی شتەکان و هەندێکجاریش بۆ بێئاگای لە کارەکانی یەکتر دەگەڕێتەوە ، یەک لەم زاراوانەش (cognitive)، بەپێی تیۆری تیشکدانەوە، زانین (cognitive) بریتییە لە تیشکدانەوەی دەوروبەر کە مەبەســـت لێی ژینگەی ســـروشـــتی یان کۆمەڵایەتی، لە مێشـــکی مرۆڤدا، ئەمەش لە ئەنجامی پرۆســـەیەکدا، کە لە لەشـــی مرۆڤدا ڕوودەدات، کە کاریگەری شـــتێکی بابەتی مەبەســـت لێی دەرەوەی مرۆڤە لە ڕێگەی هەستەوەرەکانی لەشی مرۆڤەوە (هەستی بینین و بیستن و تام و بۆن و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستلێدان)، وێنایەک (Image) لە ناو مێشکدا دروست دەکات، ئەم وێنایەش زانینە، مەرجیش نییە ئەو وێنایە کتومت ئەم شتە دەرەکییە دەربرێت، واتە وێنا کردنەکە لەوانەیە هەنێدکجار جیاواز بێت ' Richenda, 2000:140,141 ' هەر چالاکیەک لە جەستەی مرۆدا ڕوودەدات لە لایەن مێشکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، وە هەر شتێکی دونیای دەرەوە لە مێشکدا واتادار دەبێت، مرۆڤ لە ڕێگەی مێشکەوە بیر دەکاتەوە، چونکە تاکە ڕێگەی بیرکردنەوەیە و ڕێگەی ترمان نییە، چەمکەکان لەم ڕێگەیەیەوە دروست دەبن سەرجەمیان بەشێوەیەکی ئاڵۆزو تێکچڕژاو لە پێکهاتەی مێشکدا پرۆسێس دەکرێن، بیرکردنەوەش دەرئەنجامی هەڵدانەوەی کۆمەڵێک دەماری دیاریکراوە لە مێشکدا، بەمەرجێک گروپە دەمارەکانی تر پێشتر نەجولابن، هەر شتێک کە دەزانرێت لە لایەن مێشکەوە دروست دەبێت، مێشکی جەستەی مرۆڤ ڕێگە بە پێکهێنانی چەمک و بیرۆکەکان دەدات و هەر شتێک کە ڕێگەی بیرکردنەوەی هەبێت لە لایەن مێشکەوە دەکرێت کە سنوردارە بە سروشتی مێشکیان چۆن بیرۆکە دروست دەکات، لەگەڵ ئەمانەشدا بابەتی زۆر زیاتر ماوە بۆ ئەوەی بزانین مێشک چۆن بیرۆکە دروست دەکات، ئەم لایەنەش پەیوەندی بە تیۆری دەماری زمان هەیە، کە بە زانستی دەماری زمانی زانینی ناسراوە ' پور ،1398: 117' بە بۆچونی (widowssen) زانین (cognitive) زیاتر وەک لایەنێکی دەرونی مرۆڤە ، '' زمان لەسەر زانین وەستاوە واتە مەعریفە (cognitive)و وەکو دیاردەیەکی سایکۆلۆجی دەبینرێت، گرنگترین شت ئەوەیە کە فۆڕمی زمان لە بارەی ئەقڵی مرۆڤەوە دەیخاتە ڕو'' ' ویدۆوسن،2008:20' وەجارێکی تر زمان دەبەستێتەوە بەلایەنی کۆمەڵایەتی، '' مامەڵەکردن لەگەڵ زمان وەکو سیستەمی هێماکان، ئەو هێمایانەی کە هۆکاری کۆمەڵایەتیان لە پشتەوەیە و لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە هاتوونەتە کایەوە گوزارشت لە واتا کۆمەڵاییەتیەکان بکەن'' 'هەماسەرچاوەی پێشوو، ٢٠ ' لە کۆی هەموو ئەمانە لەوە تێدەگەین کە cognitive هەم لایەنی سایکۆلۆجی مرۆڤە و هەم پەیوەندی بە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە ئەزمونەکانی مرۆڤی لێوەردەگیرێت.

## 3-1/ ئاستەکانی زمانەوانی زانینی: cognitive linguistic levels

تێکڕای قوتابخانە زمانەوانییەکانی پێش قوتابخانەی زمانەوانی زانینی بۆ لێکۆڵینەوە لە دانەکانی زمان، زمانیان بەسەر چەند یەکەو ئاستێکدا دابەشکردوە، هەر یەکەو بە جیا لێکۆڵینەوەی دەربارە

کراوە، هەندێکیان لە بچوکترین یەکەی زمان و هەندێکیتریان لە گەورەترین یەکەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە، جیاکردنەوەی ئاستێک و کردنە دەرەوەی ئاستێکیتری زمان لە لێکۆڵینەوەکاندا شتێکی باو بوو، ئەمەش بۆ ئەوەی سەربەخۆیی هەر ئاستێک بسەلمێنرێت و بەزانستیی بزانرێت پەنایان بۆ ئەم سەربەخۆییە بردوە، بۆ نمونە لە لیکۆڵینەوەکاندا کردنە دەرەوەی واتا لە ئاستی سینتاکسدا، یان جیاکردنەوەی سیمانتیک و پراگماتیک، یاخود گرنگیدان تەنها بە فۆرم، یان گرنگی دان تەنها بە ناوەرۆک، لە سیماکانی قوتابخانەکانی پێش قوتابخانەی زانینی بو، بێگومان ئەمەش ئارێشەی دروست کردوە، زیاتر بۆ ئەوە بو هەر ئاستیک کۆمەڵێ یاسای تایبەت بە خۆی بۆ بەرجەستە دەکرا، جیاکردنەوەی دانەکانی زمان و دابەشکردنی بۆ چەند ئاستێکی سەربەخۆ لەگەڵ بۆچونەکانی زمانەوانی زانینیدا یەک ناگرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەی لە دانەکانی زمان بەسەربەخۆیی و دور لە یەکتری لێکۆڵینەوەیەکی بێکێماس نییە، چونکە سەرجەم دانەکانی زمان پەیوەندارن بەیەکترییەوە، هەر لەبەر ئەمە دەبینین لە قوتابخانەی زانینیدا هەوڵدراوە سنور جیاکارییەک نەبێت لە نێوان ئاستەکاندا بە تایبەت ئاستی سیمانتیک و پراگماتیک، وە زیاتر گرنگی دراوە بە لایەنی واتایی، چونکە واتا باڵی بەسەر هەمو ئاستەکاندا کێشاوە، '' ئەم لقەی زانستی زمانی درکپێکردن وەک ئیلهامبەخش بە بەش و پارەکانی تری لێکدانەوەکانی قوتابخانەکە دەردەکەوێت'' ، ' غەریب2016: 31 '،لە قوتابخانەی زانینیدا واتا خاڵی گرنگ و وەرچەرخان و ئیلهام بەخشی بەشەکانی تر و ئاستەکانی زمانە، بەهەند وەرگرتنی واتا بە خاڵی سەرەکی و فەلسەفەی پشت قوتابخانەی زانینی دادەنرێت، لە قوتابخانەی زمانەوانی زانیندا cognitive linguistics لێکۆڵینەوە لە سێ لایەنی زمانە کە ئەویش ئەمانەن: لایەنی (دەنگ و فۆنیم/فۆنۆلۆجی ، لایەنی ڕێزمانی/ مۆرفۆلۆجی و سینتاکس، لایەنی واتایی/ سیمانتیک وپراگماتیک )، کە ئەمەی دوایی ( cognitive semantics) خاڵی سەرەکی و بەهێز و گشتگیری زمانەوانانی زانینی بوو، زۆربەی زمانەوانان لەسەر ئەوە کۆکن، کە فەلسەفەی پشت قوتابخانەی زانینی واتایە، بەڵام واتا بە جۆرێک کە جیاکاری ناکات لە بەینی واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی ناکریت واتا لە دەوروبەرەکەی جیابکرێتەوە، زانستەکانی سیمانتیک و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس، درێژەپێدەری یەکەهێماییەکانن، کە بەشێوەی هەرەمەکی بەسەر پێکهاتەی جیاوازدا دابەش بوونە.' Langacker,1991:1' . '' تێڕوانینی زانستی زمانی درکپێکردن سەبارەت بە ناسەربەخۆی پێکهاتە زمانییەکان لە تەواوی پێکهاتەکانی (فۆنۆلۆجی،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مۆرفۆلۆجی، سینتاکس، سیمانتیک)دا دەتوانرێت جەختی لەسەر بکرێتەوە''. ' غەریب،2016: 13' . لە قوتابخانەی زانیندا جەخت لە ناسەربەخۆی پێکهاتە و ئاستەکانی زمان دەکرێت، چونکە زانین بنەمای هەموو پێکهاتەکانە، قوتابخانەی زانینی وەک هەر یەک لە قوتابخانەکانی پێش خۆی لێکۆڵینەوە لە زمان دەکەن، وەک بابەتی زانستی خۆیان هەوڵدەدەن سیستەم و ئەرکی زمان وەسف بکەن، ئەوان لە پەیوەندی نێوان زمانی مرۆڤ و هۆش و ئەزمونە فیکری و کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵنەوە، یەکێ لە بەڵگە گرنگەکانی ئەوان لە لێکۆڵینەوەی زماندا لەوگریمانەیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پێی وایە زمان ڕەنگدانەوەی قاڵبەکانی هزر و تایبەتمەندییەکانی ئاوەزی مرۆڤە، ئەوەی لە زمانەوانی زانینیدا گرنگە ئەزمونە گشتیەکانی مرۆڤە، زمانەوانی زانینی بەمەش ناوەستێت، دەچێتە ناو هەندێک لایەنی ترەوە، لە زمانەوانی زانینیدا دەگەڕێنەوە بۆ مێشک، هەریەکەیەکی هێمای یا ن بۆ هەر هێمایەک چەمکسازی دەکەن لە مێشکدا، لەم چەمکسازیەشدا کۆمەڵێ وێنەی'Image ' جیاواز دەبێت، کە یەکێکیان لە هەمویان زیاتر لە چەمکەکە نزیکترە،' کانەبی، 2019'. دەتوانرێت لیکۆڵینەوەکانی بواری قوتابخانەی زانینی بۆ چەند ئاستێک دابەش بکرێت، بەڵام هیچیان بەسەربەخۆیی لیکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە، چونکە هەمویان پەیوەندیدارن بەیەکەوە، بەمەش دەوترێت پەیوەندی گشتاندن ئەمەش ڕێبازێکی نوێی لێکۆڵینەوەیە لە پێکهاتە زمانییەکان '' کە خۆی لە لێکدانەوەیەکی ڕێکخراوی بنەما پەیوەندیدارەکانی سیستەمی زماندا دەبینێتەوە، بۆ نمونە (فۆنۆلۆجی، سینتاکس، سیمانتیک) بەمپێیە دەبێت وەک پێکهاتەیەکی گشتی لە زماندا لێیان بکۆڵرێتەوە، نەک هەریەکەیان بەسەربەخۆ و جیا.'' ' غەریب، 2016:11' ، لێکۆڵینەوەکانی ئەم ئاستانە پەیوەندارن بەیەکەوە لەبەرئەوەی پەیوەندی گشتاندن سلوکی زمانی پەیوەست دەکات بە بنەمایەکی گشتی کە ئەم بنەمایەش بەرپرسیاریەتی هەموولایەنەکانی زمانی مرۆڤە، لە پێش خستنی زمانەوانی لە ئەزمونەشیکاری و زمانییەکاندا ڕاستەوخۆ لە قوتابخانەی زانیندا بۆ زمان ئەنجام دەدات، ئەگەر ڕۆڵی بنەڕەتی زمان پۆلێنکردن بێت، ئەمە یەکێکە لەگرنگترین بانگەشەکانی زماناسی زانینی، کە واتە دەبێت (واتا) یەکەم دیاردەی زمانەوانی بێت، کە لەبەرچاو دەگیرێت، ' گلفام و راد،1381: 2''. ئەو پێکهاتە و ئاستانەی لە قوتابخانەی زانیندا لێکۆڵینەوەیان لێکراوە بریتین لە:

1) لێکۆڵینەوە لە: .cognitive semantic

2) لێکۆڵینەوە لە: cognitive grammar، لقەکانی زمانەوانی زانینی پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بە جۆرێک ناتوانرێت سنورجیاوازیان بکرێت، ئەمەشە وای کردووە لێکۆڵینەوە واتاسازیەکان لە بواری ڕێزمانی زانیندا سودمەند بن، ئاکامی تێڕوانی زمانەوانانی زانینی بۆ زمان بە تایبەت ''جۆرج لاکوف'' و ''ڕۆناڵد لانگاکەر'' بەوە گەیشتن کە دەبێت، تێڕوانین بۆ تیۆرییە زمانییەکان لە ڕەگو ڕیشەوە بگۆڕدرێن، پێچەوانەی چۆمسکی و هاوەڵەکانی، زمانەوانانی زانینی باوەڕیان وابوو دەبێت بناغەی لێکۆڵینەوە زمانییەکان لەسەر بنەمای واتایی بێت و توانای زانینی مرۆڤیش لەبەرچاوبگیرێت، تەنها بەم تێڕوانینە دەتوانرێت ئەوەی کە زمانەوانان پێی گەیشتون واقیعێکی دەرونزانی هەبێت، لەو کاتەوەی زمانەوانی زانینی زمان بە بەشێک لە توانا زانینیەکانی مرۆڤ دادەنێت، ئەمانە لە زمانەوانی زانینیدا بە گرنگ زانراون.

1) تایبەتمەندییە بونیادییەکانی پۆلێنکردن لە زمانە سروشتییەکاندا.

2) بەشی هاوبەشیەتی و سیمانتیکی و سینتاکسی

3) پەیوەندی نێوان زمان و بیر، کێشەیەکی ڕێژەیی و جیهانە بینراوەکان دەگرێتەوە.' گلفام و راد،1381: 1''. دەتوانرێت بگوترێت قوتابخانە و تیۆرییەکانی تری زمان پێش قوتابخانەی زانین لەسەر ڕێسای دابەشکردنی سیستەمی زمان بۆ چەند ئاستێک وەک (فۆنەتیک، فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس، سیمانتیک، پراگماتیک ) بێ ئارێشە بوونە، ئەم دابەشکارییە شتێکی ئاسایی بوو، لە ئەنجامدا بۆ هەر ئاستێک پرنسیب و یاسایان پێشنیاز دەکرد، کە تایبەتن بەو ئاستەو ناتوانرێت بۆ سیستەمی گشتی زمان گشتاندنیان بۆ بکرێت، ''موهند، ؟ : 176'' ئەمەش پێچەوانەی قوتابخانەتازەکەی زمانەوانییە، کە قوتابخانەی زانینە ڕێبەرانی ئەم قوتابخانەیە سورن لەسەر ئەوەی کە بنەمای گشتاندن بە سەر هەمولایەنەکانی زماندا پراکتیزە بکەن، چونکە لایەنە جیاوازەکانی مەعریفەی زمان لەسەر چەند توانایەکی زانینی بنیات نراون و ئەم تواناییانە گشتین و جیاوازیان نییە، لە ناواخنی زمانەوانیدا جەختکردنەوە لەسەر هاوبەشیەتی لە نێوان ئاستەکاندا بە شێوەی پراکتیکی بەرجەستە دەکرێت، ''موهند، ؟ : ١٧٧'' هەر بۆیە لەم قوتابخانەیەدا جەختکردنەوە لەسەر زانین و خوێندنی پێکهاتە و دەستکەوت و بەکارهێنانی زمان پەیوەندیان لەگەڵ تێگەیشتن و پۆلێنکردن و چەمکە واتاییەکان و دەسەڵاتە ئەقڵییەکانی تردایە. زمانەوانانی سەربە قوتابخانەی زانینی بە تێکرا دژی جیاکاری ئاستەکانی زمانن جا ئەم ئاستە هەر ئاستێک بێت، جیاکردنەوە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێکترازاندنی سیمانتیک لە پراگماتیک بار گرانییەکی زۆر بۆ تێگەیشتنی لە نێوان ئاخێوەر و وەرگر دروستدەکات، بەتایبەتی ئەو وشە و فرێز و ڕستانەی، کە دەتوانرێت بە هەر دو زانستی سیمانتیک و پراگماتیک لێکۆڵینەوەیان بۆ بکرێت، هەر ئەمەش وایکردووە ئەوان دژی ئەم جیاکاریەن.

## 4-1/ واتاسازی زانینی: Cognitive semantics:

هیچ کات ئینکاری لەوە ناکرێت کە توێژینەوە و ئاراستە زمانەوانیەکان شایەنی بەرەوپێشچون و نوێکردنەوەن، چونکە ئەویش هەر وەك زانستەکان و یاسا سروشتیەکانە، کە بەپێی پێشهاتە مرۆییەکان و توانا ئەندێشەییەکانی مرۆڤ دێنە بون و دەدۆزرێنەوە، بۆیە وەکو وەڵامدانەوەیەك بۆ بنچینەی پەرەسەندن و گەشەسەندنی بیری زمانەوانی لەلای توێژەران لە کێڵگەی زمانەوانیە سەردەمیەکان، چەند لایەن و دیدگای زمانەوانی سەردەمی دەرکەوتن کە لە قوڵای بیری مرۆڤ و سیستەمی کارپێکراوی تێگەیشتنیان دەکۆڵێتەوە بۆ هێنانەکایەی سیستەمی قسەکردن بە هەمو بنچینە و پایەکانیەوە، وە لەو سۆنگەیەوە لایەنێکی زمانەوانی نوێ دەرکەوت لە زمانەوانیە خۆرئاواییەکان کە بە ( Cognitive semantics) زانستی واتاسازی زانینی ناسراوە، کە لە بنەڕەتەوە لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی تێگەشتن و وێناکردنی سیستەمە زمانەوانیە کارپێکراوەکان بنیادنرا، واتاسازی زانینی یەکێکە لە لقەسەرەکییەکانی قوتابخانەی زانینی، ئەم لقەی قوتابخانەی زانینی، واتە Cognitive semantics واتاسازی زانینی لە ساڵی 1970 وەک کاردانەوەیەک لە دژی تێروانینی گشتی ئاراستەکەر بە داب ونەریتی ئەنگلۆ ئەمریکی لە فەلسەفەو ڕێبازی پەیوەندیدار دەستی پێکرد، واتای ڕاستەقینەی مەرجدار لە چوارچێوەی زمانەوانی فەرمیدا پەرەی پێدرا، بەواتایەکی تر گەشەی سەند، زمانناسی زانینی پێشەنگ "Eve Sweetser" ڕاستیەک لەبارەی ڕێبازی ڕاستەقینەی مەرجدار بەم چەمکانە باس دەکات، واتا و تێگەیشتن لە واتا لە زمانەوانی زانیندا خاڵی سەرەکی و چەقە، واتاسازی زانینی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان ئەزمونی مرۆڤ و سیستەمی چەمکەکان و پێکهاتەی واتای زمان دەکات. "Evans& Green,2006:156 " یەکەکانی زمان بە یەکەکانی هێمای دەزانن، کە پێی دەڵێن پێکهاتەیی. کەواتە بە کورتی قوتابخانەی زانینی بریتییە لە خوێندنی زمان بە شێوەیەک کە لەگەڵ پێکهاتەکە یان عەقڵدا بگونجێت. لەم ڕوانگەیەوە زمان بە ڕەنگدانەوەی عەقڵ دادەنرێت. زمانناسی و ڕێبازە زانینییەکان و واتاسازی زانینی لە خوێندنی ڕێزماندا دو لقی سەرەکی ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆچونەن. لە زمانەوانی زانینیدا باوەڕ دەکرێت زمان ڕەنگدانەوەی پێکهاتە و سیستەمی چەمکی مرۆڤ بێت، کەواتە جیاوازییەکانی نێوان زمانەکان دەبێت ڕەگی لە هەمەجۆری پێکهاتەی چەمکی مێشکی هەبێت. بەڵام لەو کاتەوەی کە ئەم سیستەمە چەمکانە لە توانای هاو بیرکردنەوە وەرگیراوە، زمانەوانی زانینی، نەک هاوکێشە گشتیەکانی زمان، ئەوان بەرە و ناساندنی کۆمەڵەیەکی هاوبەشی توانای مەعریفی دەڕۆن. بە واتایەکی تر ڕەگی هاوبەشی زمانەوانی لە هاوبەشەکانی دەسەڵاتی زانینیدا دەناسن. لەم ڕوانگەیەوە باوەڕی زمانەوانی لە سروشتی جیهانی زماندا جێی پرسیارە و زمان بە ڕەنگدانەوەی توانا زانینییەکانی مرۆڤ دەزانن، لە زمانەوانی زانینیدا باوەڕ وایە، سیستەمی بینراو توانای بینینی ڕەنگی بنفش(بنفسەجی) نییە، بەم هۆیەوە مرۆڤ ناتوانێت ئەم بەشە لە پانتایی ڕەنگەکان ئەزمون بکات، ئەم سنوردارکردنەی توانای جەستەیی ئەزمونەکەمان سنوردار دەکات و لە ئەنجامدا ئەم بێ توانایيە لە زمانەکەماندا ڕەنگ دەداتەوە. وە ئێمە هیچ هەستێکمان نییە لە ئاماژەدان بەو جۆرە ڕەنگانە لە زمانەکەماندا ئەمە نمونەیەکە بۆ چۆنیەتی کارلێککردنی جەستە و زانین و زمان، کەواتە دەبێت پێشبینی سنورداربونی جەستەیی خۆمان بکەین، ناسینەوە، لە ئەنجامدا چەمکە زمانەوانییەکانمان سنوردار دەکات و ئەم سنورە بەشێکی جیهانی زمانی مرۆڤە. لە هەمان کاتدا ئەو ژینگەیەی مرۆڤ تێیدا دەژی زۆر کابوس هەیە، بۆ نمونە لە هەمو شوێنێک یاسایەکی ڕاکێشان هەیە. ئەم هاوبەشە ژینگەییانەش لە ئەزموونەکانی مرۆڤ و لە کۆتاییدا زمانی مرۆڤدا ڕەنگدەدەنەوە. " موهند83 :'، ؟' . هەر لە بنەڕەتدا واتاسازی زانینی لە سەر بنەمای شیکردنەوەی واتا (التصور المفهومی) و وێناکردنی (التصوری) سیستەمە زمانەوانیە بەکارهێنراوەکان بنیاتنراوە، بە پشتبەستن بە لایەنی ئەزمونی مرۆڤ لە جیهاندا، وە پست بەستن بە ڕایەڵەی هاوبەش لە نێوان توانا ئەقڵییە ناوخۆییەکان، کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی ڕێچکەیەکی زانینی گوێزەرەوە لە نێوان پەیپێبردنە وێناکەرەکان و خەیاڵەکان و هەستییەکان، چونکە پێکهێنانی واتا بە تەنها بەند نییە بە بنچینە زمانەوانییەکان، بەڵکو بۆ لایەنە جیاوازەکانی ئەقڵی مرۆڤ تێدەپەڕێت، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی، کە زمان بە هەمان ئەو بنچینانە کاردەکات، کە ئامێرە زانییەکان و هەستەوەرەکان کاری پێدەکەن لە بەهرە ئەقڵیەکانی تردا، " حسین، ٢٠١٤: ٥١" . بناغەی مێژویی سەرهەڵدانی زانستی واتاسازی زانینی هەریەکە لە (لاکۆف Lakoff ) و ( تایلۆرTaylor) و (لانگاکەر Langacker )ی زمانزان بەپێشڕەوی ئەم زانستە زمانەوانیەی سەردەم دادەنرێن ، چونکە لە سەرەتای حەفتاکان چەند کتێب و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناميلكەيەكيان دەركرد كە ئاڕاستەيەكی زانستی پەيپێبردن سەرەتاييان لەخۆ گرت، كە ڕێگەخۆشكەر بون بۆ پەرەپێدانی ئەو ڕێبازە ئامازەييە، كە دەكرێت وەک ڕاپەڕینێک لەسەر ئاڕاستە ئامازەييەكان و ڕێبازەكانی زمانەوانی كە لەســەر جياكاری لەنێوان زانســتی زمانەوانی و بيركردنەوەی فەرهەنگی گشــتی هـاودەنـگبون هەژمـار بكرێـت، چونكە بۆ چەنـدين ســەدە واتـايەک ســەروەر بوە، كە بەرهەمهێنەرەكان پێشــەنگيان لە بڵاوكردنەوەی‌دا هەبوە، ناوەڕۆكەكەيشــی ئەوە بو كە بەشــێكی تايبەتی ئەقڵی مرۆيی كە ناويان ناوە ( language Faculty ) ئەركی دروســتكردن و ڕێكخســتنی واتاكان لەئەستۆ دەگرێت، ئەويش بە دوری لە بەشــە بەرپرســەكانی تر لە كردەوە هۆشــيەكانی تر ، ( جۆمسكی Chomsky ) و فەيلەسوف ( فۆدۆر Fodor) لە بڵاوەپێكردنەوەی ئەو واتايە دەستی باڵايان هەبوە،' Saeed,2003:344-345 ' ئەوەی تێبينی دەكرێـت ئەوەيە نـابێـت بۆ هەمو لايەنێـک تەنها پشــت بە زمان ببەســترێت، هەروەک لە پۆلێكاريشــدا لەوەو پێش بينرا،'' گەڕانەوە بۆ ڕەهەندی و كۆمەڵايەتی و دينی و فەلســەفی و ئەفســانەيی، مانا و مەبەســتی جياوازترمان پيشــاندەدات'' ' حەسـەن،2015: 61'. ئەوەی لە واتاسـازی زانيندا جەختی لەسـەر دەكرێتەوە ئەوەيە تەنها پشـت بە يەک ڕەهەند نابەســتن بۆ گەيشــتن بە واتايەكی تەواو و مەبەســتی زياتر گشــت لايەنە زمانی و نازمانيەكان بەهای خۆيانيان هەيە، بە تايبەت ژينگەی كۆمەڵايەتی و ئاينی و فەلسەفی و ئەفسانەيی و كلتوری ...هتد ئەمەش وايكردوە لە پاڵ زمان لايەنەكانيتريش بايەخداربن، لە واتاسازی زانيندا ئەوە دوپـاتكراوەتەوە، كە زانيـاری زمـانەوانی بە شــێكە لە زانينی گشــتی، زانـايـانی زانينی، زمـان بە مەلەكەيەكی هزری پەيپێبردن هەژمار دەكەن ، چونكە هۆكارێكە بۆ ڕێكخستنی زانياری و ئەزمونەكان و چارەســەركردنيان و گواســتنەوەيان ، واتاش وەک كاپتنی ئەوان دەردەكەوێت ئەركی زانســتی واتاسازی زانينی شيكردنەوەی شێوەكانی وێنە و مەجازە واتاييەكانە ، چونكە واتا تاک و مەجازيەكانی وەک (چاكە ، پياوەتی، ڕێكوپێكی، ڕاســتی ، ڕەوشــت و...هتد) پەيوەنديەكی تەواويان بەو ئەزمونە مادديە هەستپێكراو و دوبارانە هەيە، كە لەگەڵی هەڵسەنگێندراون ، ئەو پەيوەنديە ڕاستەقينەيەش پشگيری دروستكردنی ئامازەی تاكەكانە، هەر بەوەش ئەزمونەكانی مرۆيی و زانستی ماددەی خاوی بونياتنان، كە بكرێت لە ڕوانگەی ئامازەيی و مەجازيەوە شــيبكرێتەوە و بونيات بنرێت لەگەڵ ژينگە بينينێكی تايبەت بە جيهان دروســتدەكەن،' حســين،2014: 55' هەروەک پێشــتر ئامازەی پێدراوە لە زانسـتی واتاسـازی زانينيدا زمانەوانەكان سـوربون لەسـەر لابردن و نەهێشـتنی ئەو هێڵانەی يان ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سـنور جیاکەرەوانەی کە لە نێوان ئاسـتەکانی زمانەوانی کێشـراون، ئەوان ئەو هێڵانەیان تێپەڕاندوە بەو هۆیەوە ئەو جیـاوازیەی کە لە نێوان ئەوەی کە زمـان بەرهەمی ئەقڵەو لە نێوان چـالاکیەکـانی ئەقڵی تر بونیـاتنراوە، جیـاوازیەکە لە ئەنـدازەو لە شـــێوەدا نییە، ئەوان پێیـان وایە جیـاکردنەوەی ئاســـتەکانی زمان زیان لە واتای گشـــتی زمان دەدات، بۆ نمونە ناکرێت نمونەکانی ڕێزمان ڕاڤەبکرێن دور لە ئـاســـتی واتـا یـان دور لە دەوروبەر و بـاردۆخی بەکـارهێنەری نمونە ڕێزمـانییەکـان، بە هیچ شـــێوەیەک ڕێکخســـتنی زمان بە تەنها بنەمایەک ڕێکناخرێت، بەڵکو بەو بارۆدۆخ و بەکارهێنانە جیـاوازانەی کە ئەو ئـاماژە ویســـتراوەی کە بە گۆڕانی ئەو بارودۆخ و بەکارهێنانە دەگۆڕێن دیـاری دەکەن.'Saka,2007:32 ' " دەربڕینە ئاوەزی و زمانییەکان لە مرۆڤ جیا نابنەوە، بەڵکو لەســـەر بنەمای ئەزمونەکانی بەرهەمدێن." ' احمد و حەســـەن،2017: 51'. لە ڕوانگەی واتاســـازی زانینی ئەزمونەجەســـتەییەکانی مرۆڤ هـاوتـای دەربڕینە ئـاوەزی و زمـانییەکـانن و نـاتوانرێـت بە تەنها بۆ لێکدانەوەی واتا پشـــت بەیەکێکیان ببەســـترێت، بەڵکو هەر دووکیان یەکتر تەواوکەرن، واتاســـازانی زانینی پێییان وایە واتای زمانی دەرخستەی داڕشتەی چەمکییە، ئەمەش پێکهاتەیەکی واتای زمانی و واتـای نـازمـانی بەدەســـتهـاتووی ئەزمونی مرۆڤە، کە لە ئەنجـامی شـــارەزایی و پەیپێبردنەکـانی بەکـارهێنەرەکـانی زمـانە، لێکۆڵینەوەو کـاری واتـاســـازی زانینی بریتییە لە " گەڕان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان شـارەزایی و پێڕەوی چەمکییانە لەگەڵ داڕشـتەی سـیمانتیکی بە کۆدکراو لەلایەن زمانەوە"، ' ابراهیم،2019: 37'. مەودای کار و لێکۆڵینەوەی واتاسـازی زانینی بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەنـدی شـــارەزاییەکـان و پێکهـاتە واتـاییەکـان، لە لێکۆڵینەوە واتـاییەکـانـدا گرنگی نەدان بە جیاکردنەوەی ســـنوری واتای زمانی و نازمانی، (پڕاگماتیک و ســـیمانتیک) دەبینرێت. لە کۆی هەمو ئەمانەی کە ئاماژەی پێدراوە دەتوانرێت بگوترێت، کە باشترین پێناسین بۆ واتاسازی زانینی: بریتییە لە کۆمەڵێک تیۆری پەیوەندیدار بەلایەنی ڕێزمان و واتا کار بۆ ڕاڤەکردنی واتا دەکەن، هەر یەکەو لە ڕوانگەیەکی چەمکیانە مۆدێلێک پێشـکەش دەکات، لە جیاتی پشـت بەسـتن بە تەنها بە واتای وشـە (کرۆکە واتا)، پشـــت بە بەکارهێنانی وشـــەکان دەبەســـتێت لە ناو تێکســـت و دەقدا، لە بارۆدۆخێکی دیـاریکراو لە کـات و شـــوێنی بەکـارهێنـانی وشـــەکـان لە لایەن بەکـارهێنەرەکـان و بە ڕەچـاوکردنی بـارۆدۆخی کلتوری و کۆمەڵایەتی تـاک و کۆمەڵ. بە کۆی گشـــتی هەمو ئەمـانەش " کۆزانیـاری ئینســـکلۆپیدیایی پێکدەهێنن و لەگەڵ تایبەتمەندییە (ســـیمانتیکی، ســـینتاکســـی، مۆرفۆلۆجی،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فۆنۆلۆجی )ی وشـــەکاندا دارِشـــتە چەمکییەکان دادەڕێژن، لەم ڕێبازەدا واتای زمانی و واتای نازمانی لەیەک جیـاناکرێنەوە، بەڵکو بە هەر دووکیـان دارِشـــتەی چەمکی دادەڕێژن'' 'ابراهیم،2019: 45'، هۆکاری ســـەرەکی پێکهێنـانی دارِشـــتەی چەمکی دەگەڕێتەوە بۆ جیـانەکردنەوەی ســـیمـانتیـک و پراگماتیک، کۆزانیاری ئینسکلۆپیدیایی کۆ زانیاری پراگماتیکیشدەگرێتەوە.

## 1-5/ بنەماکانی واتاسازی زانینی Cognitive semantics principles:

زمـانەوانە زانینییەکـان لە دیـاریکردنی بنەمـاکـانی واتـاســـازی زانینیـدا هەوڵی زۆریـانـداوە بۆ دەســـتنیشـــانکردنی ئەم بنەمایانە، باشـــترین و ڕونترین بنەماش، کە دەســـتنیشـــان کراوە ئەو چوار بنەمایەیە، کە هەر دو زمانناســـی قوتابخانەی زانینی (Evans& Green) لە بەرهەمە بەناوبانگەکەیان بەقەبارەی'851 ' لاپەڕە بەناوی زمانەوانی زانینی پێشـــەکیەک ( COGNITIVE LINGUISTICS AN INTRODUCTION) باسیان لە دو جۆر بنەما کردوە یەکێکیان بنەماکانی زمانەوانی زانینیە،کە پێشتر لە تەوەری یەکەمی بەشـــی دووەمدا ئاماژەی پێکرا، ئەویتریان بنەماکانی واتاســـازی زانینیە، جگە لەم بنەمایانە زمانناسان بنەمای تریشیان باسکردوە. بۆ باسکردنی بنەماکانی واتاسازی زانینی زیاتر پشـــتمان بە بەرهەمەکەی(Evans& Green ) بەســـتوە، دەتوانرێت بگوترێت ئەم بنەمایانە هەمویان بەیەکەوە وەک ڕێبەرێک وان کە دەتوانن واتاسـازی زانینی بناسـێن و مەودای کارکردنی دەسـتنیشـان بکەن و ببن بە خاسیەتێک بۆ چوارچێوەی **Cognitive semantics** .

1- پێکهاتەی چەمکی پێکهاتەیەکی بەرجەستەکراوە:

2- پێکهاتەی سیمانتیکی پێکهاتەی چەمکییە:


3- نوێنەرایەتی کردن و خستنەڕوی واتای زمانی ئینسکلۆپیدیاییە:

4- پێکهاتەی واتای زمانی بە چەمکردنە:

5- واتا لە گۆڕان و نوێبونەوەدایە (داینامیکییە).

6- واتای زمانی لە ڕوانینی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هێڵکاری ژمارە (2) لقەکانی زمانەوانی زانینی بە دەستکارییەوە لە (Evens and Green, 2006: 50) وەرگیراوە. .

## بەشی دووەم/ هێڵکاری وێنەیی لە زمانەوانی زانینیدا.

### 2-1/ وێنە لە دیدی قوتابخانەی زانینیەوە:

بەگشتی ژیان هەموی وێنەیە، وێنەکان چەند جۆرێکن و لە چەندین بواری جیاوازدا پێناسکراون، قوتابخانەی زانینی تێڕوانینی جیاوازی بۆ وێنە هەیە، ئەگەر لە پێش لێکۆڵینەوە زانینییەکان وێنە لە چەند بوارێکدا خرابێتە ڕو لە ئێستادا سەرەرایی ئەم بوارانە لەچەند لایەنێکی تریشەوە وەسفی وێنە دێتە ئاراوە، ئەوەی کە زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە لە ڕوانگەی زانینییەوە، ئەم سێ جۆر وێنەیەیە.

1- هێڵکاری وێنەیی.

2- وێنە ئاوەزییەکان.

3- کۆدە وێنەییەکان.

ئەوەی کە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە جۆری سێیەمی وێنەیە، کە بە " کۆدە زاری و نازارەکییەکان" ناسراوەو یەکێک لە بابەتەسەرەکی و گرنگەکان لە بواری پەروەردەیی و کردەی گەیاندندا زۆر پشتی پێدەبەستریت، کە لە قوتابخانەی زانیندا بە " تیۆری کۆدی دووانە" ناسراوە، پراکتیککردنی نمونە وێنەییەکان بە پێی بنەماکانی ئەم تیۆرییە ئەزمون دەکرێن، کە خۆی لە بنەڕەتدا تیۆرییەکە زیاتر لە کردەی گەیاندن لە مەودای پەروەردەدا پشتی پێدەبەستریت و دەتوانرێت

بگشـتێنرێت بە سـەر تەواوی ئەو بوارانەی کە وێنەی تێدا بەکاردەهێنرێت، بە واتایەکی تر دەتوانرێت وێنەکان لە ڕوانگەی بنەماکانی ئەم تیۆرییە واتای هەمەچەشـن بەو بوارە ببەخشـن کە بۆی هاتونەتە ئاراوە، جا بوارێکی تەندروستی بێت یان پەروەردەیی، یان ئابوری، بازرگانی، پیشەسازی، یان گشتی یا هەر بوارێکی تر، کە زۆر جار وێنەکان بە پێی ئەم تیۆرییە وەک وێنەیەکی گشـتی '' universal'' دەبینرێن و لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، کە یەک واتای گشـتیان لە سـەرتاسـەری جیهان هەیە ئەمەش زیاتر خۆی لە وێنەکانی بواری تەندروستی پەروەردەیی و ڕێکخراوە جیهانییەکان ... هتد دەبینێتەوە.

**2-2/ هێڵکاری وێنەیی:** سـکیما یەکێکە لە چەمکە بنچینەییەکان لە دەروونناسـیی مەعریفی و زانستی زانینیدا ئەم بیردۆزە بۆ یەکەم جار لە لایەن دەروونناسێکی سویسری ''جین پیاگت'' لە ساڵی 1923دا بە ئیلهامی خۆشـەویسـتی و لەلایەن فەیلەسـوفی ناوداری ئەڵمانی (ئیمانوێل کانتەوە) پێشـکەش کرا، دەتوانرێت ئەم چەمکە لە بازنەی ئەکادیمیدا بدۆزرێتەوە دەروونناس ''بارتلێت'' هێڵکاریەکەی وەک ڕێکخراوێکی چالاک وەسـف کرد لە ئەزمونەکانی ڕابردو و یەک گریمانەی بنەڕەتی کە کردی ئەوەیە کە هەمو زانیاریە نوێکان کارلێک دەکەن لەگەڵ زانیاریە کۆنەکان کە لە هێڵکاریەکدا نوێنەرایەتی دەکرێن، هێڵکاری/ نەخشـەی وێنەییەکان مۆدێلێکی دینامیکی و دوبارەکراوە لە تێگەیشـتن، پەیوەندیان بە ئەزمونەکانی مرۆڤەوە هەیە، زمانەوانان چەند جۆرێک لە نەخشـەی وێنەییان دەست نیشان کردوە، کرۆکی ئەم بابەتە سەرەتا لە تیۆریەکدا، لەلایەن ''جۆنسۆن''ەوە لە سـاڵی 1987 خرایە ڕوو، بە ناوی (Image schema theory) لەم تیۆریەردا ئەوە ڕونکراوەتەوە کە ئەزمونە جەسـتەییەکانی مرۆڤ هێڵکاری وێنەیی دێننە ئاراوە، کە مۆدێلێکی چەمکی ئەبسـتراکتە، لەئەنجامی بەریەکەوتنی مرۆڤ لە گەڵ ژیانی ڕۆژانەی یان ئەزمونەجەسـتەییەکانی مرۆڤ دێنە ئاراوە، '' Beate, 2005:2 '' هێڵکاری وێنەیی، کە سەرەتا لە نێو واتاسازی زانینیدا پەرەی سەندوە و هاتوە زۆر کاریگەرە بە بوارە نزیکەکانی خوێندنی سـایکۆلۆژیای زانین و گەشـەسـەندو، بیرۆکەی وێنەکە لە نزیکەوە پەیوەندی لەگەڵ پەرەسـەندنی بەرجەسـتەکردنی تێزی ناسـینەوە و زانین هەیە، لەلایەن توێژەرە سـەرەتاییەکانەوە پێشـنیاز کراوە لە بەرهەمە زانینییەکاندا، بە شـێوەیەکی بەرچاو (جۆرج لاکۆف و مارک جۆنسـن) لە کتێبی '' میتافۆرەکان کە ئێمە بە هۆیانەوە دەژین'' یەکێک لە پرسیارە ناوەندییەکان لەلایەن لاکۆف و جۆنسۆنەوە پێشنیازکراوە بەم شـێوەیە باس دەکرێت: ئەو ئـاڵۆزییەی کە پەیوەنـدی بە چەمکی ئێمەوە هەیە لە کوێوەیە؟ لە کوێوە نوێنەرایەتی کراوە؟ ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەڵامەی کەپێشــــکەشــــیــان کرد ئەوەبو کە ئەو ئـاڵۆزییە ئەوەیە، بە پێوانەیەکی گەورە، بەهۆی پەیوەنـدیەکی تونـد لە نێوان جۆرەکـانی چەمکدا مرۆڤ توانـای پێکهێنـانی هەیە و پەیوەنـدی بە سـروشـتی جەسـتەیی ئێمە هەیە، لەم ڕوانگەیەوە بەرجەسـتەبونی ئێمە ڕاسـتەوخۆ بەرپرسـیارە لە بنیـاتنـانەوەی چەمکەکـان، هەر بۆیە ئەو بیرۆکەیە بە نـاوەنـدی نـاودەبەین، هێڵکـاری وێنەیی چییە؟ "مارک جۆنسن" لە ساڵی (1987) دا پێشنیاری کرد کە ئەزمونی بەرجەستەکراو لە نێو سیستەمی چەمکدا وێنەی هێڵکاریەکان بەرز بێتەوە.نەخشـە/ هێلکارییە وێنەییەکان لە ئەزمونی هەسـتەوەری و هەســـتەوە وەرگیراوە کە ئێمە کـارلێـک دەکەین لەگەڵی و لە جیهـانـدا جوڵە هەیە بۆ نمونە، بە پێی ئەوەی مرۆڤ بەباشــی دەڕوات و چونکە ســەرێکمان هەیە لە ســەرەوەی جەســتە و قاچەکانمان لە خوارەوە و دراوە بوونی ڕاکێشــان کە شــتە پشــتگیری نەکراوەکان ڕادەکێشــێت، تەوەری ســتونی جەستەی مرۆڤ لە ڕووی کردارییەوە ناتەواوە، واتە تەوەری ستوونی بە ناهاوسـەنگی سـەرەوە یان خوارەوەی ســەرەوە دیاری دەکرێت: بە واتایەکی تر، فیزیۆلۆجی ئێمە دڵنیای دەکاتەوە، کە تەوەری ســتونی ئێمە ، کە لەگەڵ ڕاکێشــان کارلێک دەکات ، واتا بەرز دەکاتەوە لە ئەنجامی چۆن ئێمە کارلێک لەگەڵ ژینگەکەمان دەکەین، " Evans and Green,2006:177,178 " ، پێکهاتنی هێڵکاری/ نەخشـە وێــنەیــیەکــان پەیــوەنــدی بە لایەنــی ئەزمــونــی تــاکەوە هەیە" هــێــڵــکــاری وێــنەیــی بەرجەســتەکراوە/ئەزمونگەریە" Szwedek,2019:10 " , Aleksander Szwedek "ئەلیکســاندەر سـوەداک" بەرهەمێکی بەناوی "هێڵکاری وێنەیی و پێناسـەیەک" image Schema: A Definitio لە گۆڤاری " The STYLES OF COMMUNICATION ژمارە Vol. 11, no. 1/2019 " بڵاوکردەوە، تێیدا باس لە هێڵکاری وێنەیی دەکات و دەیناســێنێت پاشــان شــەش تایبەتمەندی بۆ هێڵکارییە وێنەییەکـان دیـاریی دەکـات بە پشــتبەســتن بە لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەرە زانینییەکـان، کە بە تایبەتمەندیەکانی هامپ " Hampe's Features " ناســراون، کە بەباوترین تایبەتمەندی بنەمای ئەزمونگەری دەدەنرێن، ئەوەیان خسـتە ڕو تاکە ڕێگەی ئەزمونکردن بریتییە لە ئەزمونکردن لە ڕێگەی هەستەوەرەکانی بینین و بیستن و دەستلێدا، فیزیکی بون، "ڕەچاوکردنی هێڵکاری وێنەیی پێویستە لەســەر بنەمای ئامانجە فیزیکیەکان و ســەربەخۆ بێت " Szwedek,2019:9" ئەرکی ســەرەکی لە داڕشتنی پێناسەیەکدا بریتییە لە دانانی سنورەکان، لە حاڵەتی هێڵکاری وێنەیی لە کۆتاییدا و، لەیەک خاڵی بڕین لەوانەیە ببێتە جیاوازی نێوان هێڵکاری وێنەی و بوارەکانی، پێناســەیەک بۆ هێڵکاری وێنە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستە لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی ئامانجە سەربەخۆکان بێت، وەک ئەو هێڵکاریانەی لەسەر دەستێک ناتوانرێت جیابکرێتەوە لە هەندێک "جۆری تایبەتی ئەزمونی هەستکردن"، وە لە لایەکی ترەوە، زۆر دەوڵەمەند نین بۆ ئەوەی بە ڕەهەندە بنچینەییەکانی هەستکردن بژمێرین، (گرادی) لەو باوەڕەدایە، کە ئەمجۆرە ڕێبازە دەبێتە هۆکاری دانانی پێوەرێک بۆ ناسینەوەو پێناسەی هێڵکاری وێنەیی، تایبەتمەندییەکان خاڵی بەهێزی ناسینی هێڵکاری وێنەیین. چارەسەرکردن لە تێڕوانینی جۆراوجۆر و لە چەندین ئاستی شیکردنەوەدا بە درێژایی دامەزراوە ئەکادیمییە جیاکراوەکان ،وە شێوازی لێکۆڵینەوە بەو پێیە هەوڵ دراوە بۆ درێژەدان و سود وەرگرتن لە بیرۆکەی هێڵکاری وێنەی لە مەودایەکی جیاوازدا لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی نەریتی، بیردۆزی هێڵکاری وێنەیی لەلایەن شیکردنەوەی زمانەوانیی (دەمار-)ی دەرونییەوە پەرەی پێدراوە (بۆ نمونە، بروگمان 1981 -1988 لیندنەر 1983، لاکۆف 1987 ،دێویل 1994-1997؛ کریتزەر1997 ، " Hampe,2005:4" هێڵکاری وێنە (هەردو هێڵکاری و هێڵکاری وێنەی بەکاردێن وەک فۆرمی فرەیی) پێکهاتەیەکی دوبارەکراوە لەناو پرۆسە مەعریفیەکانمان کە شێوازەکانی تێگەیشتن و عەقڵانیەتی دادەمەزرێت, وەک ژێرییەک بۆ بەرجەستەکردنی ناسینەوە، هێڵکاریە وێنەییەکان لە کارلێککردنەکانی ئێمە لە ئەزمونی زمانەوانی و لە چوارچێوەی مێژوییەوە پێکدێت.

## 3-2/جۆرەکانی هێڵکاری وێنەیی:

لەبەر گرنگی تایبەتی واتایی لە زمانەوانی زانینیدا، واتاسازی زانینی پێگەیەکی تایبەتی لە ناو ئەم قوتابخانەیەدا هەیە ، ڕۆنانە بنەڕەتییەکان لە ناو ئەم قوتابخانەیەدا بەتایبەتیش لە واتاسازی زانینی لێکۆڵینەوەی گرنگ دەربارەی چۆنیەتی دروست بونی پێکهاتەی واتایی کراوە چۆنیەتی دروستبونی واتا لە نێو زەینی مرۆڤدا پیشان دەدات، مرۆڤ لە ڕێگەی چالاکی خۆییەوە ڕۆژانە ئەزمونی جۆراوجۆر وەردەگرێت هەر ئەم ئەزمونانە دەبنە بابەتی ئەبستراکت " چالاکی و ڕەفتارێن مەیێن ڕۆژانە، هەڵسوکەوتێن جڤاکی، لڤینێن لەشی، هەست وسۆزداری دبنە ئەگەرێ دروستبونا مۆدێلان دناڤ هۆشا مە دا " " عەبدوڵلا،2019: 95"، پێکهاتەی هێڵکاری وێنەیی دەبەسترێتەوە بە تەواوی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی مرۆڤ لە چالاکییە جۆربەجۆرەکانی لایەنی کۆمەڵایەتی و جوڵانەوەی جەستەو مامەڵەکردنی هەستەکان و لایەنی سۆزداری، جۆرەکانی هێڵکاری وێنەیی بریتین لەمانە:

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- هێڵکاری وێنەی قەبارەیی: containment schema

هێلکاری وێنەی قەبارەیی جۆرێکە لە جۆرەکانی وێنە، هەمو ئەو بابەت و شتانە دەگرێتەوە کە لەپێگەی خۆیاندا قەبارەیان هەیە، وەک ژور، ئەشکەوت، لەهزردا لە مێشکدا لە بیرکردنەوەدا... هتد، لە ناو خودی خۆیاندا دەکرێن بە دو بەشەوە:


أ- هێڵکاری وێنەی قەبارەیی کۆنکرێت، وێنە قەبارەییەکە وێنەیەکی کۆنکرێتە.

1- نوسەرەکە لە ناو هۆڵەکە سیمنارەکەی پێشکەش کرد.

ب- هێڵکاری وێنەی قەبارەیی ئەبستراکت، وێنە قەبارەییەکە وێنەیەکی ئەبستراکتە.

1- ئەوان کەوتونەتە ناو ئارێشەکی گەورە.


2- نوسەرەکە لەبیرکردنەوەدا بو.



هێڵکاری ژمارە (4) وێنەی قەبارەیی"Johnson,1987: 23"

2- هێڵکاری وێنەی جوڵاو/لڤینی: path schema

هێڵکاری وێنەی جوڵاو مۆدێلێکی ئەبستراکتە بە هاوکاری ئەزمونی جوڵەی مرۆڤ و دیاردەی تری دەوروبەری مرۆڤ لە هزری مرۆڤدا ئەمجۆرە وێنە ئەبستراکتە دروست دەبێت، لەم مۆدێلەدا خاڵی دەسپێک و ڕێڕەو و کۆتایی هەیە، بە شێوەی هێڵکی ڕاست هێڵکاری دەکرێت، کە بە خاڵی A دەست پێدەکات بە ڕێڕەوێکدا لە خاڵی B کۆتایی دێت.




1- من گەیشتمە کۆتایی ڕۆمانەکە.

هێڵکاری ژمارە (5)وێنەی جوڵەیی "Johnson,1987: 27 "


3- هێڵکاری وێنەی هێزی force schema : یەکێکیتر لە جۆرەکانی هێڵکاری وێنەیی کە لە ئەنجامی جوڵەوە دروست دەبێت هەندێک کات بەربەست و هێزێک لەبەردەم جوڵەکانی ئەزمونی ڕۆژانە دروست دەبن ، ئەمجۆرە وێنەیە دەکرێن بە سێ بەشەوە:

أ- بەربەستی وەستاو و تۆکمە: لەمجۆرە بەربەستەدا جوڵەکان دەوەستن و ناتوانن بەربەستەکان ببڕن، چونکە بەربەستەکان تۆکمەو بەهێزن، دەتوانرێت ئەمجۆرە هێڵکارییە وێنەییانە لە زماندا ئەزمون بکرێن.

1- بەم قسانەی کە کردی چاڵێکی بۆ خۆی هەڵکەند.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- بەهۆی تاوانەکانی زیندانی هەتاهەتایی کرا.




هێڵکاری ژمارە(6) وێنەی هێزی وەستاو "Johnson,1987: 45 "

ب- بەربەستی تێپەڕیو: ئەمجۆرە بەربەستە لەبەردەم جوڵەکەدا دروست دەبێت، بەڵام توانای ڕاگرتنی جوڵەکەی نییە هێزی جوڵەکە زیاترە لە هێزی بەربەســتەکە "جۆنســۆن" باس لەوە دەکات دەتوانرێت بە سێ شێوە بەربەستەکە تێپەڕێنرێت.

یەکەم/ یەکەم گۆڕینی ئاڕاستەو جوڵەی بەربەستە، بەڵام نابێت دەرچون لەبەربەستەکەی هەبیت.


1- پێدەچێت ئەم جارە نمرەکانت بگۆڕێن.

دووەم / تێپەڕین بە لێواری بەربەستەکەدا و بەردەوام بون لە جوڵە.

1- لە ڕێگەی گفتوگۆوە هەوڵی چارەسەری کێشەکانت بدە.

سییەم/ تێپەڕین بەبەربەستەکەدا بە زەبری هێز و ڕۆیشتن بەناویدا .


1- لە ئەنجامدا لەم نەهامەتییە ڕزگاریان بو.



هێڵکاری ژمارە (7)وێنەی بەربەستی تێپەڕیو هەر سێ جۆرەکە "Johnson,1987: 46 "

ج- بەربەســتی لابراو: ئەمجۆرە بەربەســتە لەلایەن جوڵەو هێزی مرۆڤەوە لادەبرێت، مرۆڤ دەتوانێت لەســەر ڕەوتی خۆی بڕوات و بەردەوامی بەجوڵەکەی بدات، بە زەبری هێز بەربەســتەکە لەســەر ڕێگای خۆی لابدات.

1- باشترکرد گوێت بە قسەی خەڵکی نەدا،و بەردەوام بویت لەسەرکەوتنەکانت.



هێڵکاری ژمارە (8) وێنەی بەربەستی لابراو "Evans and Green,2006:189 "

**4-2/ تایبەتمەندییەکانی هێڵکاری وێنەیی :** لە هێڵکاری وێنەییدا کۆمەڵێک ئادگار یاخود تایبەتمەندی هەن، کە لەلایەن لێکۆڵەرە زانینییەکان دەستنیشانکراون تاڕادەیەک لێک نزیکی هەیە، ئەم شەش تایبەتمەندییە لەلایەن "ئەلیکساندەرەوە" کە بەتایبەتمەندی ( Hampe’s Features)ناسراون خراونەتەڕو بۆ تایبەتمەندییەکانی هێڵکاری وێنەیی زیاتر سود لە بۆچونەکانی Aleksander Szwedek وەرگیراوە .

1- هێڵکاری وێنەییەکان، بەرجەستەکراون/ئەزمونکراون: هێڵکاری وێنەی لە ئەنجامی ئەزمونە جەستەییەکانی مرۆڤ پێکدێن، ئەمە لە لێکۆڵینەوە زانینییەکاندا کەمترین بانگەشەو گفتوگۆی لەسەرە زۆربەی توێژینەوەکان تا ئێستا لەسەر بنەمای ئەزمونەبینراوەکان کۆکن، بۆچونێکی ئاسایی لەم بوارەدا ئەوەیە تێڕوانینی جۆنسن کە هێڵکارییەوێنەییەکانی "بە هیچ ڕەوشتێکی تاکەوە گرێ نەداوە، هەرچەندە هێڵکارییە بینراوەکانمان وا دەردەکەوێت کە زاڵ بن" ئەنجامەکەیان ئاماژەی بە دەست لێدانکردوە وەک هەستەوەرییەکی گرنگ، ئەزمون و باگراوندی لێکۆڵینەوەکانی پێشتری زانایانی زانینی وەک " مارمۆر و زاباک کارپێنتەر و ئایزنبێرگ و زیملەر و کینان...هتد" ڕاپۆرتێکیان دا دەربارەی تاقیکردنەوەیەک دەربارەی کردەی دەستلێدانی (وێنەکردن) لە نێوان دو جۆر مرۆڤدا یەکێکیان (مرۆڤی ئاسایی چاو ساخ) ئەویتریان (مرۆڤێکی نابینا) بە بەکارهێنانی هەستی دەستلێدا (لەمس) لە جیاتی هەستی بینین، دەرکەوت ئەنجامەکە بۆ هەر دوکیان وەک یەک بوە، جگە لەوەی کە ئەو کەسانەی کە دەتوانن ببینن خێراتر ئەرکەکان جێبەجێدەکەن. " ڕۆڵی لەمسی لەپێکهێنانی هێڵکاری وێنەییدا لە ژمارەیەک لە توێژینەوەکان مشتومڕی بەدوای خۆیدا هێناوە، " Szwedek " دەڵێت: "دەست لێدان سەرەتاییترین هەستە بۆ پەرەپێدانی ئەزمونی مرۆڤ" " 2019: 11, Szwedek " " چالاکی هەستی دەست لێدان (لە ناوچەی لیو-لووت) بە زوویی لە هەفتەی پێنجەمی دوگیانبوون، وە گەشەسەندوترین هەستە لە لەدایکبووندا " Kornas-Biela, 2011: 159'' (پۆپۆڤا) پێی وایە لەمس نزیکترین ئەزمونی گونجاوی جیهانی فیزیایی دەستەبەر دەکات " popova,2005:401

2- هێڵکارییەکانی وێنە، لە پێش چەمکن / تێگەیشتنن: ئەم خاڵەش پەیوەندی هەیە بە کێشەی ئەو کاتەی کە وێنەی هێڵکاری دروست دەبێت/پێکدێت، زۆربەی توێژەران تا ئێستا گفتوگۆیان لەسەر دروست کردنی هێڵکاری وێنەیی (سکیمە) کردوە، لە ماوەی دروستبوونیدا بۆ پشتگوێ خستنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەزمونی تاکتیکی لە سەرەتاییترین قۆناغدا، قۆناغەکانی پێش بون شتێکی جدییە ئەوە دەرخراوە کە هێڵکاری وێنەیەکان زیاترن پێش چەمکن/ تێگەیشتن' بەو واتایەیی کە ئەوان ئەم خاڵەش پەیوەست دەکەن، بە کێشەی ئەو کاتەی کە وێنەی هێڵکاری دروست دەبێت. وێنەکان پێشوەختەن و لە پێشینن. " Szwedek ,2019: 12 " بە پێی بیرەکانی جۆنسن، وێنەی هێڵکاریی وەک نەخشەی دەفر ڕاستەوخۆ لە ئەزمونی بەرجەستەکراودا بەستراوە و لە هەستەوە وەرگیراوە، ئەمە واتای ئەوەیە کە ئەوان لە بنچینەدا پێش چەمکن. "ماندلەر" (2004) باس لەوە دەکات، کە ئەوان لە ئەزمونی هەستەوە سەرهەڵدەدەن لە قۆناغەکانی سەرەتای گەشەی مرۆڤ کە پێش پێکهێنانی چەمکەکان دەکەوێت هەرچۆنێک بێت، نمونەی دووبارەی زانیاری هەستەوەری دەرهێنراوە و خەزن کراوە وەک هێڵکارییەکی وێنەیی، ئەزمونی هەستەوەری دەبەخشێت بە نواندنێکی چەمکیی، ئەمە واتای ئەوەیە کە هێڵکارییە وێنەییەکان چەمکن، بەڵام لە جۆرێکی تایبەت، ئەوان بناغەی سیستەمی چەمکن، چونکە ئەوان یەکەمن لە پێش چەمکەکان بۆ دەرکەوتن لە مێشکی مرۆڤدا و بە وردی لەبەر ئەوەی پەیوەندیان بەئەزمونی هەستەوەریەوە هەیە، ئەوان بە تایبەتی هێڵکارین، هەندێکجار بەدەستهێنانی تێگەیشتن لە بیرۆکەی هێڵکاری وێنەیی قورسترە لە چەمک، بیرۆکەی چەمکێکی زۆر دیاریکراوی وەک پشیلە "cat"یان کتێب " BOOK " بە دەست دێت، ئەمە لەبەر ئەوەیە ئەم چەمکە تایبەتانە پەیوەندی بە بیرۆکەکانەوە هەیە، کە ئێمە ئاگادارین لە زانین دەربارەیا بەپێچەوانەشەوە هێڵکاری وێنەی زۆر بنچینەییە بۆ شێوازی بیرکردنەوەمان ئێمە بە ئاگایی ئاگاداریان نین، ئێمە هۆشیاری خۆمان لە واتای خۆمان وەردەگرین بۆ بونێکی جەستەیی لە جیهانێکی فیزیکیدا " Evans and Green,2006:80".

3- هێڵکاری وێنەیی بەرزترین پلەی شێوە هێڵکارین/ سکیمەیین: ئەم خاڵە پەیوەندی بە بۆچونەکان و پرسی "گرادی"وە هەیە سەبارەت بە لەڕادەبەدەری گشتیەتی بەرامبەر لە ڕادەبەدەری دەوڵەمەندی هێڵکاری وێنەیی لەسەر بنەمای پەیوەندییە ناوەکییەکانی نێوان هێڵکاریەکان و تایبەتمەندییە نزیکەکانیان، وێنەی هێڵکاریەکان زۆر سکیمەتیکن کە پێکهاتەیان گرتووە پوختەی ئەزمونی هەست و جوڵە، تێکەڵکردنی زانیاری فرە مۆدیلەکانن، " Hampe,2005:1" بیرۆکەی هێڵکاری تا ئاستی تایبەتمەندێتی، بە ئەندازەیەکی باشی وردەکاری لەگەڵ ئەوەی کە شتێک دیاری کراوە، ئەو بیرۆکەیە هەمیشە بەردەوام دەبێت بە شێوەیەکی سەرەکی هێڵکاریەکە ئەبستراکتە بە نزیکی درێژەدان بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

واتای پێدانی زانیاری کەمتر و گونجاوبو، لەگەڵ مەودایەکی فراوانتری هەڵبژاردن " 2019:14, Szwedek "

4- هێڵکاری وێنەیی پێکهاتەی ناوەکین : هێڵکارییە وێنەییەکان لە ناوەوە پێکدێن، ئەم تایبەتمەندیە ئاماژە دەکات کە نەخشــەیەکی وێنە پێکهاتوە لەو بەشــانەی کە لە پەیوەندیەکاندا وەســتاون و ڕێکخراون بۆ هەمو پارچەکان یان پێکهاتەکە، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ دابەشــکردن بۆ ناو تەواوکەرەکان /چەمکەکان و پەیوەندیەکانی نێوانیان، " 2019:15, Szwedek "

5- هێڵکاری وێنەیی بەرزترین پلەی نەرمی و گۆڕانیان هەیە:

خاســیەتی نەرم و گۆڕان لە هێڵکارییە وێنەییەکاندا دەرەنجامێکی ڕاســتەوخۆیە لە پلەبەندیی ئەبستراکتی تەواوکەرەکان و چەمکەکان لەگەڵ پەیوەندیەکان، دەکرێت نەخشەیەکی وێنەی گۆڕانی بەسەردابێت، بۆ نمونە/

1- ڕوبار وشک بوو.                2- ڕوبارەکە وشک بوو.

نمــونەی (1) بەجــۆرێکە ئەم وێــنەیە بە شــێوەی ئەبســتراکت لە زەیینــدا هەیە، بە شــێوەیەک وێنــاکراوە، کە ڕوبــارێکی نەزانــراو وشــک بــوە هێڵکــارییە وێنەیــیەکە، بە شــێوەی نەناســراو لە بیرمانــدا هەیە، لە ڕســتەی (2) هێڵکــارییە وێنەیــیەکە لە زەینــداگۆڕانی بەســەر داهــاتوە، بــوە بە ڕوبــارێکی ناســراو وشــکی کــردوە، ئەم چەمــکە لە زەیینــدا گــۆڕاوە ئەم نەرمییــیە لەو گــۆڕانە زۆرەی، کە لە چوارچێـــــوەی جۆراوجۆریئەزمونگەریـــــدا تێیـــــدەپەڕن کە هەمـــــو ئەمـــــانە لە نــزیکەوە پەیوەســتن بە پرەنســیپی تێگەیشــتنی هەســتپێکراوی (گشــتالت) لە پــاڵ توانــای هەستی بینین بۆ ئەزمونکردن. "Hampe,2005:1 "

6- هێڵکــاریە وێنەییەکــان نمــونەی بەدەســتهاتون بە ســـەربەخۆیی لە چەمکەکــانی تــر: ناســنامەی ســەرەتایی هێڵکــارییە وێنەییەکــان بە شــێوەیەکی ســەرەکی بەدەســتهاتون لە ڕێــگەی شــیکردنەوەی زمــانەوانی لە چەمکەکــانی جــوڵە و پەیوەنــدی بوارەکــان ،لیســتی هێڵکــاری وێــنە هەرگیــز کــۆمەڵەیەکی داخــراوی پێکنەهێنــا، تــاکو ئێســتا هەمــو زیادکراوەکــانی زۆر لە نــزیکەوە بــون لەگەڵ کــرۆکە ئەســڵی بــابەتەکە، هەنــدێکجار ئەمە بە پێکهــاتەی ئــاڵۆز دادەنرێـــت، لە جـــۆرێکی هێکـــاری وێنەیـــی کە جـــوڵەیە ئەمـــانە هەیە (ســـەرەتا، ئامـــانج، لەخۆگرتن، ڕێڕەو، سەرچاوە ، ناوەندی پێتێپەرین، هاوسەنگی هتد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- شڤان لە دهۆک ڕۆیشت. (سەرەتا) 2- شڤان ڕۆیشت بۆ سلێمانی. (ئامانج)

3- شڤان لە دهۆکەوە ڕۆیشت بۆ سلێمان. (سەرەتا، ئامانج)

4- شڤان لە ڕێگەی دوکانەوە ڕۆیشت بۆ سلێمانی. (ڕێڕەو/ ناوەندی تێپەڕین، ئامانج)

5- شڤان لە دهۆکەوە بە ڕێگەی دوکاندا بۆ سلێمانی ڕۆیشت. (سەرتا، ڕێڕەو/ ناوەندی تێپەڕین، ئامانج) سەرچاوە-ڕێگا-ئامانج. هەرکاتێک بڕۆین، لە خاڵی دەستپێک دور دەبینەوە، گەشتێک دەکەین و لە کۆتاییدا دەگەینە ئامانج وەک پێکهاتە سەرەکیەکانی ئەم وێنە هێڵکاریە دەتوانین خاڵی سەرەتا و کۆتایی، ڕێگا و ئاڕاستە یەک بگرن، نمونەی کلاسیکی ئەم وێنەیە بریتییە لە "بۆ ئەوەی ڕێگایەکی دورودرێژ بەرەو "ناوبانگ/سەرکەوتن ببڕیت"، کە ئەمە لە زمانی ئینگلیزی و ڕوسیدا هەیە . لەم حاڵەتەدا سەرەتای پیشەکە خاڵی سەرەتایە و ناوبانگ خاڵی کۆتاییە و ئاڕاستەکە ئاڕاستەی سەرکەوتنە و ڕێگاش هەمو ئەو قۆناغانەیە کە مرۆڤ دەبێت پێش گەیشتن بە ئامانجەکەی پێیدا تێپەڕێت، "Szwedek ,2019:15" سەرەڕای هەمو ئاڵۆزییەک، کە لەلایەنی تیۆری و پراکتیکیەکان هەیە، چەمکی هێڵکاری وێنەیی بێگومان زۆر بە بەرهەمی سەلماند لە دو دەیەی ڕابردودا و ئیلهامبەخش بو بۆ توێژینەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ناوەوە و دەرەوەی زمانەوانی هێشتا لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، گفتوگۆی نوێ لە ناو زمانەوانی زانینیدا پێویستە بۆ دڵنیابون بێت لە یەکبونی تیۆریی بیردۆزی و پاراستنی بەهاکەی وەک ناوەندێک بێت بۆ بناغەیی چەمکی واتاسازی زانینی، وەک ئەوەی بوارەکە بەرەو پێش دەچێت بەرەو تێگەیشتنێکی قوڵتر لە ڕەگە بەرجەستەکراوەکانی ناسینەوەی زمان.

## 5-2 /وێنەی هزری/ بیری/ ئاوەزییەکان:

دەربارەی وێنەی هزری بینراو زمانەوانان دەیگێڕێنەوە بۆسەرەتای ساڵانی حەفتاکان و کۆتایی هەشتاکان، کە گفتوگۆی توند دەربارەی سروشتی وێنەی هزری بینراو کراوە، لەئەنجامی ئەو ئەزمونەی پێیگەیشتون وێنەی هزری بە هەمان ئەو وێنانە دەڵێن، کە لە زماندا بەکاردەهێنرێن، " وێنەی بیری هەمان جۆری ئەو وێنانەن کە لە زماندا بەکاردێن"، " Kosslyn,2005:333 " کۆزانیاری پەیوەندی پتەی بە بەکارهێنانی زمانەوە هەیە، کۆزانیاریەکانیش، وەها ڕاڤەدەکرێن کە کردەوەیەکن تاک دەتوانێت ئەزمونی ئەقڵ بەسەر بابەتێکی دیاریکراودا بچەسپێنێت، هەر لەم ڕوانگەشەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکهاتن و گواستنەوەی تەواوی چەمکەکان وە کۆکردنەوەیان لە شێوەی پەیڕەوێکی ڕێکخراودا پێویستە ئەوە دەربخرێت کە وێنەی هزری ڕۆڵێکی چالاک دەبینێت، لە گەیاندنی کۆزانیاریدا، خودی کۆزانیاری بەرفراوان لای تاک دەبێتە هۆی چالاککردنی پەیڕەوی چەمکەکان لە هزردا دواتر نواندنیان لە وێنەکاندا،'' محمود،2013: 9'' ئاڵوگۆڕکردنی ئەرک و سیفاتی هەستەوەرەکان هۆکارێکە بۆ پێکهێنانی وێنەی تاک، ''وێنە ئاوەزەییەکان لەدایکبووی ئەزموونەکانی ڕۆژانەی مرۆڤن... ئامانجیان ڕوونکردنەوەی ئەزموونە هەستییەکانی ئێمەیە'' ' احمد و حەسەن،2017: 59'، زاراوی وێنە '' Image'' لە'' limagination'' وەرگیراوە کە بەواتای ئەندێشە دێت، وێنە ئاوەزییەکان لە میتافۆڕەکاندا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن، بونی واتا لە میتافۆڕەکاندا وێنەیەکی ڕاستەقینە پیشان نادات، هەنگاوێک دوردەکەوێتەوە لە واتاکەی خۆی و وێنەیەکی زەقترو بارزتر دیارتر پیشان دەدات، بە واتایەکی تر ئەو وێنەیەی لە میتافۆڕەکاندا دەردەکەوێت وێنەیەکی کاریگەرترە لە وێنە ڕاستەقینەکە، بۆ نمونە/ چاوی فرمێسکی خوێنی لێدێت.

(فرمێسکی خوێن) مەبەست لە خەمێکی زۆرە کە گەورەتر لە گریان و فرمێسکی ڕون (ئاوی) واتە جۆری خەم و خەفەتەکە ئەوەند گەورەیە خوێن لە چاوی دێت لە جیاتی فرمێسکی ئاسایی، (فرمێسکی خوێن) وێنە ڕاستەقینەکە نییە هەنگاوێک دورکەوتۆتەوە لە واتاکەی خۆی وێنەیەکی گەورەتر بارزتری بۆ خەم و گریان پیشان داوە، وا دەردەکەوێت کە وێنەی هزری '' بریتی بێت لەدەربڕینێکی دەرەکی بۆ چەمک و بیرەکان و لە ئەنجامیشدا بەهۆی وێنەوە ڕونبکرێتەوە '' محمود،2013: 10 '' لێکۆڵینەوەکانی پێشو دەریان خستوە کە وێنە بەردەوام کاریگەریەکی دیاریکراوی دیار و بینراوی هەیە لەسەر تێگەیشتن و زانین،'':Rademaker and Pearson,2012 . 23'' وێنە ئاوەزییەکان بە وێنەی ئەبستراکت دادەنرێن بەهۆی وشەوە بەرجەستە دەکرێن ' احمد،2013: 43' دەوروبەر ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی لە شرۆڤەکردنی وێنەکاندا هەیە، ئەو وێنە هزریانەی کە بە هۆی زمانەوە دەردەبڕدرێن لە قاڵبی وشەکاندا یاخود لە قاڵبی گەورەتر لە وشەدا بەرجەستە دەبن، سیستەمی مێشک/هزری مرۆڤ ئەمانەی تێدا کارایە:

1- وێنەی بینراو لەگەڵ تێگەیشتنی بینراو.

2- پرۆسەکانی هەستی تێگەیشتن بەکاردێن لە وێنەی بینراودا.

وێنەی بینراو لە نزیکەوە بە میکانیزمەکانی مێشکەوە بەستراوەتەوە کە تیکەڵن لە تێگەیشتن. ئایا وێنەی بینراو، وەک تێگەیشتنی بینراوە، بە واتای ئەوەی بە ڕاهێنان باشتر دەبێت؟ توێژینەوەکانی پێشو دەریانخست کە مرۆڤەکان دەتوانن بە پشتبەستنەوە بە بینینی یەک زنجیرەی خەیاڵ وێنەکان هەڵسەنگێنن، یەک گریمانە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە چالاکانە ڕاهێنان دەکەن، یان چالاکی ڕۆژانەیان بەکارهێنانی بەهێزی وێنە لەخۆ دەگرێت، لەوانەیە لە ڕێگەی ڕاهێنان و ڕاهێنانەوە وێنەکانیان بەهێز بکات، "ساکس" لە ساڵی" 2010" لە ڕێگەی ئەزمونکردنەوە هەوڵیاندا کە پێشنیارێکی لەو شێوەیە لە تاقیگە تاقی بکەینەوە بە گفتوگۆی تاکەکان لە ئەرکێکی وێنەیی ڕۆژانە، لە ماوەی ٥ ڕۆژدا، دەکرێت دوبارەبونەوەی نمونەکانی فۆرمی وێنەی بینراو ببێتە هۆی باشتربوونی هێزی وێنە " Rademaker and Pearson,2012: 23- 24 .

## 6-2/ کۆدە وێنەییەکان:


کۆدە وێنە ییەکان لە قوتابخانەی زانینیدا بە گرنگ و پڕ بایەخ لێیان ڕوانراوە، هاوتای زمانی نوسین و قسەکردن کاریگەری لەسەر کردەی گەیاندن لە تێگەیشتنی پەیامەکاندا هەیە، وینە وەک زاراوە لە ' IMAGE' بە هەمو ڕیشەکانییەوە دەچێتەوە سەر وشەی ئایکۆ ' ICON ' کە وشەیەکی یۆنانی کۆنە ئاماژە بە لێکچون و هاوشێوەیی دەکات، لە لاتینیدا بە 'IMOGO' لەئینگلیزیشدا ' IMAGE' ناسێنراوە، لە هەمویان دا ئەم وشەیە ڕۆڵێکی گرنگی لە فەلسەفەی ئەفلاتون و زۆرێک لە دامەزراوە شانۆییەکان و دەزگاکانی وێنەکێشاندا هەبوە، خودی دەستەواژەی وێنە لە زمانی لاتینیدا بە واتای هاوشێوە هاتوە، سەرجەمی واتاکانی تری وێنە لە دەوری ئەم واتای 'هاوشێوە' دەخولێنەوە، 'ئیڤاس لیڤی' باوەڕی وایە وشەی فۆتۆگرافی 'PHOTO GRAPHOS' لە ڕیشەی لاتینی وەرگیراوە، کە لە دووبەش پێکدێت ' PHOTO ' بە واتای ڕووناکی،تیشک ' GRAPHOS' بە واتای نوسین دێت، چەمکی فۆتۆگرافی بە واتای نوسین بە تیشک دێت، لەئێستاشدا وەک کورتکراوە فۆتۆ بۆ کارو چالاکی فۆتۆگرافی بەکاردێت،' احمد،2012: 62'، دەتوانرێت بگوترێت هەمو ئەمانە (ICON ،IMAGE، IMOG ،PICTURE ،PHOTO،EMOJE) وێنەی فۆتۆگرافی و وێنەی ئیمۆجی و ئایکۆنەکان و تابلۆ پەیکەر نەخشەئەندازەییەکان و وێنەکانی ڕێگاوبان و کاریکاتێرەکان هەمویان گوزراشت لە چەمکی وێنە دەکەن، ئامانجیان یەک واتایە، تەنانەت بە بەکارهێنانە باوەکەی ئێستای ئیمۆجییەکانیشەوە کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەمو بوارە تەکنۆلۆجییەکانی تەنیوە بە هەمان واتا دێن، زمانی وێنە ئەو زمانەیە کە وشەکان دەگێڕێتەوە بۆ وێنە، کاردەکات بە جێگرتنەوەی هەر وشەیەک و دەستەواژە و ڕستەیەک بە وێنەیەک بۆ ئەو چەمکە، وێنە یەکێکە لە هۆکارە گرنگ و پڕ بایەخەکانی گەیاندنی واتا لە هەمو بوارەکانی ژیانی ئێستای مرۆییدا، زۆر لە زماناسان و لێکۆڵەران لە بوارە جیاوازەکاندا بایەخیان بە ڕۆڵی وێنە داوە بە جۆرێک وێنە وای لێهاتووە لە هەندێک بواردا لە جیاتی زمان قسە دەکات و بە بەهاو واتای زمان دادەنرێت واتای کاریگەر دەبەخشێت هەمیشە و لە هەمو بارۆدۆخەکاندا وێنە قسەی خۆی هەیە ئەوەی زمان ناتوانێت دەریببڕێت، وێنە بە زوی پەیامەکە دەگەیەنێت، ئامانج لە بەکارهێنانی وێنە بۆ گەیاندنی چەمکی وشە هەستپێکراوەکان بە هزری خوێنەر، زۆر جار ئەو واتایەی لە ڕێگەی وێنەیەکەوە دەگەیەنرێت و ڕوندەکرێتەوە دەیان و سەدان وشەو ڕستە ناتوانن جێگەی بگرنەوە، ئەوەی زۆربەی لێکۆڵەران لەسەری کۆکن ئەوەیە، کە وێنەیەک دەتوانێت بەهای دەیان و سەدان وشە بدات، بێ ئەوەی هیچ یاسایەکی ڕستەیی (sov) بەکاربهێنین، وێنەکە خۆی دەدوێت و پەیامەکە دەگەیەنێت، ''وێنەیەک بەهای هەزار وشەی هەیە بۆ گەیاندنی مەبەستی پەیام '' قدورە،152:2004''. کاتێک وێنەیەک بەکاردێت بۆ گەیاندنی هەر کردەیەک بێت لە خودی وێنەکەدا کۆمەڵێ پەیام هەیە، لە ڕوانگەی زانینیشەوە کاریگەری وێنە لە بواری پەروەردەیدا گرنگی پێدراوە جیهانی وێنە جیهانێکی فراوانە. تیۆری کۆدی دوانەی ' Doul Coding Theory' شۆڕشێکی گەورەی زمانەوانی بو بۆ بەرەوپێشچونی ئاستی پەروەردەو خوێندن، کە ئامانج تێییدا گەیاندنی پەیامەکە بۆ شوێنی مەبەست بە جوانترین و باشترین شێوە، هەریەکە لە زمانەوانەوانی قوتابخانەی زانینی ( James.M.Clark)، (Allan Paivio)،

(Sadoski ) گرنگیان بە تیۆری(D C T) 'Sadoski, & Paivio,2004:7' دەربارەی کۆدی زمانی و کۆدی نازمانی ئەوەیان خستە ڕو، کە تێیدا هاوشانی کۆدە زمانییەکان گرنگی کۆدە نازمانییەکانیشیان ڕون کردەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هێڵکاری ژمار (11) جۆرەکانی کۆدی وینەیی

## ئەنجامی توێژینەوەکە

1- لە قوتابخانەی زانینیدا جۆرەکانی وێنە لە دیدی قوتابخانەکەدا جیاوازن، سێ جۆر وێنە ئاماژەی پیدراوە.

2- هێڵکاری/ نەخشەی وێنەییەکان مۆدێلێکی دینامیکی و دوبارەکراوە لە تێگەیشتن، پەیوەندیان بە ئەزمونەکانی مرۆڤەوە هەیە.

3- لە قوتابخانەی زانینیدا هێڵکارە وێنەییەکان (Image schema) بابەتێکی گرنگن و هەمو زانیاریە نوێکان کارلێک دەکەن لەگەڵ زانیاریە کۆنەکان کە لە هێڵکاریەکدا نوێنەرایەتی دەکرێن.

## سەرچاوەکان

آ- سەرچاوەکان بەزمانی کورد.

1 - ئەحمەد تریفە عومەر،(٢٠١٣)پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلیمانی.

2- احمد دلقین میقداد، (٢٠١٣)، شـــرۆڤەکردنی وێنە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماســـتەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی دهۆک.

3- ابراهیم ،شـــیلان رحیم (٢٠١٩)، نەخشـــاندنی کۆزانیاریی وشـــەیی، لە فەرهەنگی ئاوەزییدا ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی.

4- حەسەن فەرهاد تۆفیق،( ٢٠١٥)، زمان لە ڕیکلامی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
5- حسەین شیلان عومەر، (٢٠١٥)، هەڵسەنگاندنی دروستەی کۆزانیاریی پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی خوێندنی کوردی وەک نمونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، vol.2 No.5
6- ڕەشان میران، (٢٠١٧)، سۆسیۆلۆجیای مەعریفە، چاپی دووەم ، چاپخانەی ڕۆهەڵات، هەولێر.
7- عەبدوللا عەبدولسەلام نەجمەدین، (٢٠١٩)، نیشـاندان و شـرۆڤەکرنا مۆدێلێن وێناکرنێ پەرتووکا خواندن و ڕێزمانا کوردی بۆ پۆلا شەشێ بنەڕەت وەکو نمونە، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک، ژمارە (١).
8- غەریب نالی ئەدهەم (٢٠١٦)، درکپێکردنی میتۆنۆمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان زانکۆی سلێمانی.
9- فتح الله احمد محمود، نەریمان حەسـەن (٢٠١٧) پەیڕەو و بنەما سـیمانتیکییەکانی درکپێکردن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ژمارە (١١)ساڵی چوارەم .
10- کـانەبی دلیر سـادق،( ٢٠١٩- ٢٠٢٠)وانەی خوێنـدنی بـاڵا/دکتۆرا زانکۆی ڕاپەڕین فـاکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ، تیۆرەکانی زمان.
11- مەحموود ئاڤێسـتا کەمال (٢٠١٣)ز، وینەی هزری و ئاوەزداری و لێکدانەوە سـایکۆلۆجییەکان گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە (٤٣)، سلێمانی.
12- نەبی ڕێبوار ئەحمەد،(٢٠١٥)، پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.
13- هـ . د. ویدۆسـن، و، هۆشـەنگ فاروق، (٢٠٠٨)، سـەرەتایەک بۆ زمانەوانی، چاپی یەکەمچاپخانەیخانی، دهۆک.
ب- سەرچاوەکان بە زمانی فارسی.-
گلفام ارسلان و راد یوسفی فاطە (١٣٨١)، زبان شناسی شناختی واستعارە، تازەهای علوم شناختی،سال ٣، شمارة٣.
14- موهند محمد راسیخ، (؟)، اصول و مفاهیم بنیادی زبان شناسی شناختی.
ج- - سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی.
15- حسین جاراللە دلخوش : ٢٠١٤، علم الدلالة الأدراكية : المبادیء و والتطبیقات، مجلـة الاداب العدد ١١٠، جامعة صلاح الدين أربيل
16- قدورة عبداللە ثانی (٢٠٠٤)، سیمائیة الصورة، دار الغرب للنشر والتوزیع، وهران، الجزائر.
د- سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی

17- Aleksander Szwedek , (2019) Complex Image Schemas, journal.tertium.edu.pl 10.7592/Tertium2019.4.1.Szwedek
18,BeateHampe(2005),ImageschemasinCognitiveLinguistics:Introduction,universita Erfurt.
19- Evans& Green(2006), COGNITIVE LINGUISTICS AN INTRODUCTION, EDINBURGH UNIVERSITY PRESS.
20- Kornas-Biela, D. (2011). Okres prenatalny. [Prenatal period]. In J. Trempała (Ed.), Psychologia rozwoju człowieka. Podręcznik akademicki. [The psychology of human development. An academic handbook]. (pp. 147-171). Warsaw: Wydawnictwo PWN.
21- Martin Bly and David E. Rumelhart(1999), Cognitive Science Edited by Department of Psychology Rutgers University Newark, New Jersey Department of Psychology Stanford University Stanford, California, London.
22- paivio,A &lambert, W,1981 Dual ceging and liin guual memory- journal of verbal learning& verbal behavior.
23- Popova, Y. (2005). Image schemas and verbal synaesthesia. In B. Hampe (Ed.), From Perception to Meaning: Image Schemas in Cognitive Linguistics (pp. 395-419). Berlin and New York: Mouton de Gruyter
24- Ronald W. Langacker, (1991), Concept, Image, and symbolThe Cognitive Basis of Grammar, mouton de Gruyter, Berlin. NewYork.
25- Richenda Power, (2000)Question of knowledge, pearson Education, England,.
26-Rademaker 1,2,3* and Joel Pearson2,3,4 1(2012) Training visual imagery: improvements of metacognition, but not imagery strength Rosanne L. Cognitive Neuroscience Department, Maastricht University,
27- Saeed John .I.(2003), semantics, Second Edition, Blackwell publishing.
28- Sadoski, M. & Paivio, A. (2004). A dual coding theoretical model of reading. In R. B. Ruddell & N. J. Unrau (Eds.), Theoretical models and processes of reading (5th ed.) (pp. 1329-1362). Newark, DE: International Reading Association
29-’Stephen M. Kosslyn’’2005 MENTAL IMAGES AND THE BRAIN ‘
30- Saka –Dordrecht Springor-(2007) - How to think about meaning.
31-WhatIsMetonymy?Definition,Examples,andUsesof
https://www.masterclass.com › articles › what-is-metonymy
32-*PauA.Kirschner & Mirjam Neelen* https:// / dual-coding-in-the-hands-of-students

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# التخطيط الصوريـة فی نظر المدرسة علم اللغة الادراكية

**الملخص**
واحدة من المدارس الجديدة الأكثر معاصرة هي مدرسة اللغويات المعرفية ، وهي مدرسة علمية وإدراكية واجتماعية متعددة الأبعاد ، تعتمد على الخبرات الجسدية البشرية ، بما في ذلك جميع مجالات اللغة المختلفة والعلوم الأخرى. تعمل هذه المدرسة في نقل الرسائل على عدة نظريات تكميلية تعمل داخل المدرسة ، بعضها على مستوى علم التشكل والنحو ، وبعضها على مستوى الصوتيات وعلم الأصوات ، وبعضها على مستوى الدلالات والبراغماتيكية ، ولا يوجد تمييز بينها ، وتعتمد المدرسة أكثر عن المشاعر الانسانية الصورة نفسها هي نقل المعنى من وجهة نظر مدرسة المعرفة الرائعة ، و الهدف من الدراسة هو التركيز على الرسوم البيانية التصويرية.

# Chart Image from Observatory in School Cognitive Linguistic

**Assist. Prof. Dr. Nwzad Anwer Omer**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
nawzad.anwer@Koyauniversity.org

**Shno Aula Hamadamin**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
shnoaula@gmail.com

***Keywords***: *Cognitive Linguistics, Cognitive Science, Cognitive Levels, Semantics Schema Image*

## Abstract
One of the modern schools of now days is cognitive linguistic school which is a scientific Multidimensional and social school, dependence in body experiences of human. Contains different methods of languages and other sciences. One of these schools that importance for meaning. One of the characteristics of working in this school is emphasizing meaning .What is seeing in this school in delivering the messages some completed theories in school is working, some of them are in morphology level & syntactic and some of them are in semantic level & pragmatic. The school is Not importance for separate semantic and pragmatic levels their is no Border Discrimination between them. The school depends on human scenes ,a

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

picture which is delivering the message .in Cognitive school some types of pictures are selecting which is different from other schools .Three types of pictures are: scheme image, mind image, coding image. The aim of research is emphasizing scheme image.